# سیستمی ڕەنگ و واتا ودەلالەتەکان لە زمانی کوردیدا

د. صباح موسی علی
جامعه کرکوك – کلیه التربیه للعلوم الانسانیه

**کورتەی باسەکە:**

ئەم باسە تۆژینەوەیەکی وەسفیی شێکارییەو هەوڵێکە بۆ ناساندنی واتای ڕەنگ و بەکاهێنانی بەرفراوانی لەناو زمان و لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵ وشیکارییەکی زانستییە بۆبابەتی ڕەنگ و دەلالەتی ڕەنگەکانی شەبەنگ لە زماندا٠

بەڵگە نەویستە ژمارەی ڕەنگەکان زۆرە و بێ شمارەیە و واتا ڕەنگ لە شوێنێك بۆشوێنێکی تر لە ناوچەیەك تا ناوچەیەکی دی لە زمانێك لە گەڵ زمانێکی تر دەگۆڕێت و هەوڵێکە بۆ ئاشنابوونی واتای ڕەنگ ودەلالەتەکانی لە بوارە جیاجیاکانی زماندا٠

**پێشەکـــــــــــی:**

لەو کاتەی مرۆڤ چاوی بە دونیا هەڵهێناوە وئاشنای ڕەگەزو دەوروپشتی خۆی و هەستی بە بوونی خۆی کردوە، وەك مەردم وخاوەن بیروهزرو هەندێ لە هەست و نەستی دەوروپشتی جولاندی و پتر هاژاندی وکاری لە ڕەورەوەی ژیانی کرد و وای لی کرد٠٠هەندێك لەو بزواتن وهاژاندنە، گوزارشتی لێ بکات و بە جۆرەها شێواز وستایل ،وەك هونراوەو چیرۆك و بیژەی سەرزار دەری ببڕی و باسی بکات٠یەکێك لەوانەی کاری لی کرد، سروشتی ڕەنگاو ڕەنگی دەوروبەری ودیمەن ووێنەی تاڤگەو ڕووبارو کەش وشاخ و کێوو دۆڵ و نزاروبیشەڵان و سروشتی سەوزو دیمەنی زەردو سووری دەوروپشتی هەموو ئەمانە و زۆر شتی تر کاری لێ کردووەو سەرنجی ڕاکیشاوەو لەو هۆکارو فاکتەرانەی هاژاندی و کاری لی کرد دیمەن و سروشتی ڕەنگاو ڕەنگی دوروبەری ژیانی ڕۆژانەی، بە جۆریکی دیکە دەتوانین بڵێین ڕەنگ لە سروشتدا، واتا ڕۆڵ و دەوری ڕەنگ لە ژیانیدا، ڕوانی ڕۆژ هەڵدێت و ڕووناکی دەبەخشێتە سەر گۆی زەوی و ڕەنگی سپی دەبەخشێت و شەو داهات وتاریکی وشەوەزەنگ داهات و کپی وهیمنی سەرنجی ڕاکێشا و تاریکی شەو ڕەنگی ڕەشی بەخشی ٠ بۆیە لەو ڕۆژەو ڕۆژی بە سپی و شەویش بە ڕەش شوبهاند و بۆی دەرکەوت کە ڕەنگی سپی زۆر لە واتا لە خۆ دەگرێت ،سپی واتای خۆشی و شادی وڕۆژی نوێ، واتای لاپەڕەیەکی نوێ ژیان وژیانی شادی و خۆشی وکامەرانی ٠٠واتای گەشبینی وئاییندەی گەش، بۆیە لەو ڕۆژگارەوە ڕەنگی سپی لە لای زۆربەی میللەتان بە واتای خۆشی و شادی ناسرا٠٠هەروەها لە هەمان کاتدا لە خۆرئاوا بوون و تاریکی کە جۆرە هێمنی وکپی ئەنجام دەدات هەستی دەکرد ،شەو واتا تاریکی واتا ڕەنگی ڕەش٠٠ جۆرە نائارامی ونائاسۆدەیی لە خۆی حەشار دەدات و جۆرە دڵە ڕاوکی و هاژوهۆژی لادروست کرد،مرۆڤ لە سەردەم وڕۆژگاری کۆندا، شەوانە توانای ئەوەی نەبووە ڕووبەڕووی ئەو درندەوە گیان

لەبەرە كێویانە بێتەوە، لە دەسەڵاتی نەبووە بەربەرەكانی ئەو پێشهاتانە بێتەوە ٠شەو لە گەڵ ڕەنگی ڕەش هاو واتا بوون بۆ كۆزارشتی لە ترسناكی و شۆم وناخۆشی٠٠بۆیە لەو ساتەوە لە لای زۆربەی گەلان ڕەش واتای خەم و ناخۆشیوناشادی٠٠٠٠

**تەوەری یەكەم :بەركولْ ٠٠ بەسەرهاتی ڕەنگ**

ئەم باسەی بەردەست هەوڵێكە بۆ گەڕان وپشكنین لە سیستمی ڕەنگەگان وواتا ومانای فراوان وهەمەجۆرەی چی لە بواری واتاسازی وزانستی دەلالەت وچی لە بەكارهێنانی ڕۆژانەو لە ژیاندا ،بەو هیوایەی شتێك خرابێتە سەر ئەو خەرمانە بە بەرەكەتەی بواری زمان و واتاسازی كراوەو دەكرێت ، ئەمەش هەوڵێكی بچووكە بۆ ئەو بوارەی واتا، بە تایبەتی لە زمانی كوردی كەم هەوڵی بۆ دراوە٠

لەم باسەدا، باسی ڕەنگ لە زمانی كوردیدا دەكرێت ورۆشنایی دەخرێتە سەر بواری بەكارهێنانی لە واتا ولە بەكارهێنانی ڕۆژانەی ژیان و نموونەش بۆ بابەت هێنراوەتەوە و جاروباریش ئاماژە بۆ سیستم و واتای ڕەنگ لە زمانانی تریش كراوە ،بە تایبەتی لە زمانی عەرەبی وزمانانی دراوسیی میللەتی كورد٠٠٠٠

((فەیلەسووفە یۆنانییە كۆنەكان وەك ئەرستۆ و ئەفلاتۆن بایەخی زۆریان بە ڕەنگ داوەو (ئەڕستۆ ٣٨٤-٢٣٢پ٠ز) دەڵێت ڕەنگەكان لە گەڵ بووندا( الوجود) پەیوەستە ، ڕەنگە سادەكان ڕەنگەكانی سەر ڕووی زەمینە ، وەك ڕەنگی (ئاگر ، ئاو ، خاك) پاش تێپەڕبوونی(١٨) سەدە ، هونەرمەندو وێنەكێش و هەڵكۆڵەری ئیتالی بەناوبانگ ( لیۆناردداڤنشی ١٤٥٢-١٥١٩) بە هەمان ڕێچكە بیرۆكەیەكی هەمان شێوەی ئەرستۆی داڕشت و وتی ( یەكەم ڕەنگی سادە سپییە ، سپی واتا(تیشك و ڕووناكی)، پاشان وتی ( زەرد واتای خاك و سەوزی ئاو وشینی ئاسمان و سووری ئاگر و ڕەش بۆ تاریكی و شەوەزەنگ)٠

( ئیسحاق نیوتن ١٦٤٣-١٧٢٧) هات سروشتی نادیاری ڕەنگەكانی خستە ڕوو٠

(نیوتن) حەوت ڕەنگی هەڵبژاردو بەستییەوە بە حەوت ئەستێرەی ئاسمان و حەوت ڕیتمی پەیژەی دیۆتاچی مۆزیكدا ))(١)٠

((لە ساڵی (١٩٥١) یەڵم سێلف باسی لە واتای ڕەنگەكان كرد و ( كۆنكلین ١٩٥٥) و (برلین وێ كەی ١٩٦٦)باسیان لە هەمان بابەت كرد و لە واتای ڕەنگەكانیان كۆڵیییەوە))(٢)٠

((لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی ڕەنگەكان هەندێ جار لە گەڵ چەمكی زانستییەكان ناگونجێت ،بازلای وشك سەوز ڕەنگە،بەڵام پێی ناوترێت بازلای سەوز كەچی ڕەنگی سەوزە چونكە سەوز بە واتای مێوەی نەگەیشتوو دێت،وەك خۆخی سەوز واتا بۆخواردن ناشێت،زماناناس (برلین وی كەی)ڕایەكی جیاوازی هەیە بە پێچوانەی ئەوانەی تر))(٣) ٠ (( لە قورئانی پیرۆزدا ناوی پێنج ڕەنگ هاتووە ( سوور ،

زەرد، سەوز ، رەش ، سپی ) رەنگی سوور لە یەك ئایەت باسی هاتووە لە باسکردنی چیاو شاخ (سورە فا ر٢٧)، زەرد لە چوار ئایەت باسی هاتووە (بقرە ٦٩))) (٤) ٠

**تەوەری دووەم : *سیستمی رەنگ لە بواری کێلگە واتاییەکاندا :***

رەنگ بابەتێکی تیکچرژاوەو جۆرە ئالۆزی وتێکەڵاوی تێدا بەدیدەکرێت و زۆربەی زۆری زمانناسەکان بە پێی ئەزموون وبیرو بۆچوونی خۆیان واتا رەنگ وسیستمی بەکارهێنانیان جوداو جیاوازە ، ئەم بابەتە بە پێی یاسای" کێڵگە واتاییەکان ، الحقول الدلالیە"چارەسەر کراوەو جۆرە تاییە تمەندی بۆ دەستنیشان کردووە،بەو شێوەی کێڵگەیەکی واتایی تاییەتی بۆ رەنگ دانراوە، زمانناسی ئەڵمانی" یەڵم سێڵف"(( پێشنیازی کێڵگەیەکی سادەو ساکار دەست نیشان دەکات، کە بکرێت لە زمانی ئینگلیزی و ویلز بە جوانی دابەش بکرێت)) (٥)، واتا دەتوانرێت رەنگەکان لە یەك کێڵگە دابنرێن وهیچ کێشەك دروست نابێت، ئەمەش وەنەبێت تەنیا چارەسەرێکە بۆ کێشەی رەنگەکان لە بواری واتادا بەڵکو چارەسەرەو هەموو لێلی و تەماوی بواری واتا بەلادا داوە ئەو لێڵ وتەماوییە لاچووە و ئاڵۆزییەکە نەماوە و "یەڵم سێڵف" لە سەر بۆچوونی خۆی دەڕوات و پتر چەخت لە سەر ئەم بابەتە دەکات و دەڵێت رەنگی سوور رەنگێکی سەرەکییە ولە رەنگی پورتقالی تۆخترەو پورتقالیش لە رەنگی زەرد تۆخترە ، بۆیە دانانی کیلگەی واتایی کاری واتاساز واتاناسەکان زۆر سووك دەکات٠

وە نەبیت"یەڵم سێڵف" ئەم بۆچوونەی هەروا شێکردبێتەوە ودابەشی کردبێت وخانە وکێڵگەی تاییەتی بۆ دانابێت،بەڵکو بە پێی بنەماکانی پلەوارادە"التدرج-"وبریقە"اللمعان و وردبوونەوەو تێرامانێن "الترکیز" دانراوەو بە واتایەکی تر پلەی رزگاربوون و دوورکەوتنەوە لە رەنگی سپی ئەم تێروانینەش وەنەبێت جێگێر وچەق بەستاو بێت ،زمانناس"هۆمۆس ((دەڵێت رەنگی شەراب "جۆرێکە لە مەی "بە رەنگی دەریا دەچێت،ئەمەش شتێکی سەیرو سەمەرەیە گەر بڕوانینە پلەی رەنگەکان)) (٦)٠

کێڵگە واتاییەکان بابەتێکی گرینگ وپر بایەخی ئاستی واتاسازییە،هەنگاوێکە بۆ سووك و ئاسانکردنی بواری واتاناس ، بەو شێوەیەی رێگای بەردەم ئاخێوەر و توێژەر ئاسان وسووك بێت،(جۆست ترێر) لە کتێبی (یەکەکانی ئەڵمانی لە پێوەری بۆچوونی درك پێکردن) دوو تێروانینی سەبارەت بە بواری کێڵگە واتاییەکاندا هەیە و دەڵێت لە رستەوە دەتوانین بگەینە واتای راستەقینەی واتای وشە و یان بە پێچەوانەوە ، یان لە رێگای فەرهەنگەوە،دانانی واتای هەر کەرەستەیەکی زمان لە ناو گێڵگەی خۆی کارەکە ئاسانتر دەبێت، واتا لە گێڵگەیەکی گیان لە بەران دەکرێت کۆمەڵێك کەرەستەی تاییەت بەوبوارە ریزبەند بکرێت ، بە وێنە ( مەڕ، بزن،ورچ ،مار٠٠٠هتد) ، دەکرێت لە هەمان کاتدا کێڵگەیەك بۆ گیان لەبەرە خشۆکەکان دروست بکرێت ،بە وێنە( تمساح، مار ، مارمیلکە، ٠٠٠) یان بۆ گیانلەبەرە کاوژکەرەکان ، بە وێنە( مانگا ، بزن ، ماین ،٠٠٠)، دەتونرێت دەیەها کێڵگەی تر بۆبولری گیانلەبەرەکان دروست بکرێت ،وەکوو شیردەرەکان ، گوشت خۆرەکان، خاوەن کەڵبەکان و

زۆری تر و هەمان شت بۆ بابەتێکی تر و بەم شێوەیە، لێرەدا واتای وشەو کەرەستەکان ئاسان وسووك بوو، بۆ واتاناس و بۆخوێنەر، زۆر کەرەستە روون وئاشکرابوون و تەماوی وئێلی تێدا نەما٠

لە بواری کێلگە واتاییەکاندا دەتوانین سیستمی رەنگەکان لە یەك کێلگەی واتایی دابنێین ولە هەمان کاتیشدا دەتوانرێت لە گەڵ مەودای بەکاهێنانی رەنگەکان لە گەڵ کەرەستەکانی دەوروبەریدا تەرخان بکرێت و وەك ئەوەی لە گەڵ ناوی کەسانی نێر، کابرا رەشتاڵەکە و٠٠٠

بۆتەرخان کردنی کێلگەیەکی واتایی بۆ رەنگەکان دەتوانرێت سەرجەم رەنگەکان لە یەك کێلگەیەکی واتایی دابنرێت ، ئەمەش زماناناس ( یەڵم سیلف )چەختی لە سەرئەوە کردۆتەوە (٧) ،بەڵام لێرەدا کێشەیەکی تر دێتە بەردەم ئایا سەرجەم رەنگەکان تەنیا لە یەك کێڵگە دادەنرێت، بەڵی دەتوانرێت رەنگە سەرەکییەکان دابنرێت ، بەڵام بۆ رەنگە ناسەرەکییەکان دەبێت کێڵگەی تر دابنرێت ، بە وێنە بۆ رەنگە کاڵ و تۆخەکان یان رەنگە پەراوێزەکان وەك شینی کاڵ یان شینی ئاسمانی و ٠٠هتد، پیوێستە کێڵکەی تایبەتی و گۆنجاوی بۆ تەرخان بکرێ٠

<u>تەوەری سێیەم :رەنگ لە بواری لیکسیکۆلۆژی و واتاسازیدا:</u>

لەم تەوەرەدا ،رۆشنایی دەخرێتە سەر بواری لێکسیکی و واتاسازی سیستمی ڕەنگدا ،رۆشنایی دەخرێتە سەر واتای رەنگەکانی زمان ،رەنگە گۆرکی لە ئاستی سیمانتیکی و ئەو هەنگاوانەی ناویەتی بەرەو گەشەسەندنی واتاکانی و رەنگدانەوەی لای میللەتان و رۆڵی بێ وێنە وبەرچاوی لە رووی بۆچوون و لێکدانەوەی هەر تاکێکی کۆمەڵ بە شێوازێك دەروانێتە رەنگەکان و هەر یەکێك بە شێوەیەك لێکی دەداتەوە بۆی دەچێت و بە گوێرەی بەسەرهات و رەنگدانەوەو رووداوی رۆژانە تێی دەروانێت،هەندێك لەو رەنگانە مایەی خۆشحالی وبەختەوەری و گەشبینییەو جاری واش رەنگێك لەرەنگەکان مایەی بێزاری و رەشبێنی و دڵتەنگییە، بۆیە بۆچوون ولێکدانەوە لە نێو کەسان و تاکەکانی کۆمەڵ جوداو جیاوازە،بە درێژایی مێژووش هەر ڕەنگێ نیشانەی تیرە وهۆز و عەشرەتەکان بووە و گۆزارشتی لەو عەشرەت وبنەماڵەیە کردووە وهەر لە سەردەمانی کۆنیش رەنگ وەك هێما نیشانەی هێزو لایەنەکان بووە،رەنگ ئاڵای جیاکەرەوەی هێزی سۆپا بووە بە ئەمرۆوەش،هەر چۆن سەرجەم وڵاتان و ریکخراوو دام و دەزگا و دامەزراوەکان، ئاڵا تایبەتی خۆیان هەیە وهەر ئاڵایەیەك خۆی لە کۆمەڵی رەنگ دەبێنیتەو جێی رێزو ستایشی کۆمەڵانی خەڵکی ژێر چەتری ئەو رەنگ و ئاڵایە٠

ناوی رەنگ و واتاکانی لە زمانێك بۆ زمانێکی تر جۆدایە ،بە وێنە لەزمانی ئینگلیزی یازدە واژەیان بۆرەنگەکانی سپی و رەش و سوورو سەوزو زەردو وەنەوشەیی و پەمەیی و پورتقالی و رەساسی هەیە ((لە راستیدا لە هەموو زمانەکاندا ناو بۆ رەنگی رەش وسپی هەیە کەچی لە هەندێك زماندا رەنگی

سەوز هەیەو رەنگی زەرد نییە یان زەرد هەیە بێ سەوز،لە زمانی رووسی و هنگاری دوازدە واژەی سەرەکی هەیە، لە زمانی رووسی دوو واژە هەیە بۆ رەنگی شین و لە زمانی هنگاری دوو واژە هەیە بۆ رەنگی سوور ))(٨)٠

رەنگەکانی زمانی کوردی وشەی سادەو سەربەخۆن ، بۆیە دەتوانریٚ بوتریٚت وشەکان زۆر کۆنن ونژادە رەگەزی لە ناو جەرگەی کۆمەڵگای کوردی هەڵقوڵاوەو رەسەنایەتی خۆیان دەردەخەن وئەمەش هەموو رەنگەکانی زمانی کوردی ناگریٚتەوە، تەنیا رەنگە سەرەکییەکان و لە رووی ئیٚتمۆلۆژییەوە ، خاوەن رابوردوویەکی دوورودریژن، لە گەل ئەمەشدا دەستەیەك رەنگ لە ناو زمانی کوردیدا هەن ، کە لە زمانی ترەوە وەرگیٚراوە ، بە ویٚنە رەنگی( پورتقالی ،قاوەیی،باینجانی،کاکاوی ٠٠٠)٠

تەوەری چوارەم : رەنگ لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا :رەنگ وەك وشە بە شیٚوەیەکی گشتی سادەیە ، وەکوو: رەش ، سوور ، سەوز ، ئەم وشانەش لە یەك مۆرفیمی ئازاد پیٚکهاتووە:

رەش/ سیاه ، سپی /چەرمی یان چەرمگ ، سوور /سۆر/سویر ، زەرد/ زەر، شین/کەو /کەوە ، سەوز/کەسك، مۆر، بۆر٠٠٠٠٠

لە هەمان کاتدا وشەی داریٚژراو و لیٚکدراو لە رەنگدا رۆنان دەبیٚت لە ریٚگای :

ناوی رەنگ+ پاشگری(ی) = ناوی داریٚژراو،سەوز +ی=سەوزی

لە هەمان کاتدا ناوی لیٚکدراو لە ئە نجامی :

ناوی رەنگ + فۆنیمی(و) + ناوی رەنگ رۆنان دەبیٚت:

سوور + و + سپی = سوور و سپی ، زەرد و سوور،گەنم رەنگ،

ناو + ناوی رەنگ = ناوی لیٚکدراو، لیٚرەدا ناوی رەنگەکە دەبیٚتە ئاوەڵناوی رەنگ

چاو +(رەش،شین،سوور) =ناوی لیٚکدراو، چاورەش ، چاوشین ،چاو سەوز

ناو + رەنگ+ نیشانەی ناسیاوی = ناوی لیٚکدراو ، کابرا+ سوور = کابراسوورەکە، پیاوە رەشتاڵەکە،یان

ناوی رەنگ + ی + ناو وەك: شین + ی + ئاسمان = شینی ئاسمانی

هەروەها ناوی رەنگ + ئاو= ناوی لیٚکدراو

رەش + ئاو = رەشاو، سوو + ئاو = سووراو، زەرد +ئاو = زەرداو ( ناوی گۆندیٚکە لە دەڤەری کفری )،سپی +ئاو=سپیاو

ناوی مرۆڤ + ە + ناوی رەنگ= ناوی لیٚکدراو ، وەك:

کاك + ە + شین =کاکە شین، کاك + ە + سوور = کاکە سوور ، حمە + رەش = حمە رەش ، مام +رەش = مام رەش ،حمە سوور

ناوی رەنگ + پاشگریٚك = ناوی داریٚژراو وەك رەش + ۆڵ= رەشۆل یان رەشە

ناوی گیان له بەر + ناوی رەنگ = ناوی لێکدراو

مریشکە رەشە ، کۆترە شینەکە ،مانگا بۆرە، یان ناوی رەنگ + ناوی گیان لەبەر یان ناوی مرۆڤ = ناوی لێکدراو

رەشە وڵاخ ،بۆرە پیاو ، یان ناوی رەنگ + پاشگری (تاڵە ) =ناوی دارِێژراو

رەش + پاشگری( اڵە ) =رەشتاڵە

ناو + ناوی رەنگ = ناوی لێکدراو وەکوو:

کێوە رەش، شێوە سوور ،کانی زەرد ،دۆڵە سپی ، جامانی سوور ، کلاو سپی ، زێڕی رەش ( نەوت ) ،کانی سەوز، ئاوە سپی ، بەردە رەش، میرگە سوور ، قەرە هە نجیر،قەرە چووخ،٠٠٠٠ هتد

ناوی رەنگی لێکدراویش بە هۆی ناوی رەنگ + ی + ئاوەڵناوی چونیەتی = ناوی لێکدراو

سوور + ی + کاڵ = سووری کاڵ

رەش + ی + تۆخ = رەشی تۆخ

سەوز + ی + تەڵخ = سەوزی تەڵخ

ناوی رەنگ + ی + ناوی رەنگ + ناوی لێکدراو

مۆر = ی + باینجانی = مۆری باینجانی

هەروەها فرێز و دەستەواژەش رۆنان دەبێت :

سووری بە لای پرتەقالیدا ، رەشێکی زۆر چڵکن ، شینێکی مام ناوەندی

هەروەها ناوی رەنگ + ناو = ناوی لێکدراو، وەك:

شین + باو = شینباو ، رەش + باو = رەشباو

لە بواری مۆرفۆلۆژیدا لە بابەتی ئاوەڵناوی چۆنیەتی لە رووی پلەی بالاو بەراووردلە رێگای رەنگەوەرۆنان دەبن:

ناوی رەنگ + تر = پلەی بەراوورد ، وەك سوور + تر = سوورتر

کراسەکەی شیرین لە کراسەکەی ئاواز سوورترە٠

ناوی رەنگ + ترین = پلەی بالا وەك رەش + ترین = رەشترین

ئالای مەزارەکە رەشترین ئالای گۆرستانەکەیە

کراسەکەم رەشترین کراسی پرسەکە بوو٠

(( هەمە+ رەنگ = هەمەرەنگ ، رەنگ + ناوبەندی (او) + رەنگ= رەنگا ورەنگ))( ٩)٠

رەنگ + پاشگری(ێتی ) = ئاوەڵناوی دارێژراو

((سپی + ێتی= سپێتی ))(١٠)

(( ئاوەڵناو +ناو = ناوی لێکدراو، زەرد + ئاو = زەرداو )) (١١)

**ئاوەڵناو + رەگی کردار = ئاوەڵناوی لێکدراو**

**رەش + پۆش = رەشپۆش**

**کرداری لێکدراو = سوور + بوون = سووربوون (سوورکردنی شتێك بۆرەنگ، اصراری عەرەبی)، شین بوون (رەنگی شین، سەوزبوون )٠٠٠هتد**

**((کرداری ( کردن ) = سوور + کردن = سوورکردن )) (١٢)**

**کرداری (بوون) = رەش + بوون = رەشبوون**

**ئەرخەوانی ،جەرگی ، خورمایی ، باینجانی ، وەنەوشەیی، ٠٠٠**

**جێی ئاماژەیە کۆمەڵێك لیکسیم لە زماندا هەن ، کە ناوی رەنگ نین، کەچی لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکی تەواو و راستەوخۆ بۆ واتای رەنگن دەکەن ، بە وێنە:**

**ماش و برنج : ئەم ناوە لێکدراو ، بۆ رەنگی قژی پیاوان بە تایبەتی بەکاردێت، ئاماژە بۆ برنج کراوە ، کە رەنگەکەی سپییە واتا رەنگی قژەکە رەش و سپییە، راستە ناوی رەنگ لە ئارادانییە ، بەلاّم لە سەر پاکی ناوە لێکدراوەکە ئاماژەیە بۆ دوو رەنگ٠**

**ناوی دەریا : ئاماژەیە بۆ رەنگی شین ، شەراب " بۆ رەنگی سوور، خوێن بۆ سوور،قەتران بۆ رەش ، فریشتە بۆ سقی ،(( حویلّ بۆ رەنگی سووری خۆرمایی وەك (مانگای حویل) ، کەژاڵ بەو مەرِو بەرانە دەگوترێت کە دەم و چاوی سپییەو چاوی رەش بێت ، مارۆ بۆ رەشە ولاّخی ناوچەوان سپی )(١٣)٠**

**کۆمەڵێك رەنگ لە ئەنجامی ناوی رەنگ لە گەڵ ژمارەیەك ئاوەڵناوی چونیەتی ناوی رەنگی تازە دروست دەکەن ، بە وێنە رەنگی شین لەم دایگرامە:**

**رەنگەکـــــــــان**

**سوور   زەرد   سەوز   رەش   شین**

**کاڵ   تۆخ   ئاسایی   ئاسمانی**

**تەوەری پێنجەم:رەنگ لە بواری زانست وفیزیکدا**

**رەنگ لە رووی زانست و فیزیکدا لە سەر بنەمای شەبەنگ"ال یف الشمسی – قوس قزح"دابەش دەکرێن و ئەو رەنگانە بە پێی رێزبوون بەرزو نزمی "پلە-التدرج" و چریسکە"اللمعان" و رامانێن"الترکیز"دەست نیشان دەکرێن و بەم جۆرە:**

**رەنگی سوور ٦٥٠ – ٧٢٠٠ ئەنگستروم *(ئەنگستروم بۆ مەودای درێژی شە پۆلەکانیرەنگە )**

**رەنگی زەرد**

**رەنگی سەوز**

**رەنگی سەوزی شینباو**

**رەنگی شین**

**رەنگی مۆر ٤٠٠٠ – ٤٤٥٠ئەنگسترۆم**

**((بۆ یەکەمجار لە بواری فیزیکدا زانای ئینگلیزی (نیوتن) توانی لە ساڵی ١٦١٢ ز تیشکی خۆر بە ریگای (ئاویز- موشور )ەوە شیبکاتەوە و رەنگەکانی شەبەنگ دیاری بکات و بریتین لە سوور ، پرتەقالی ،زەرد ، سەوز، سەوزی شینباو ،شین ،مۆر)) (١٤)٠**

**بە پێی بیردۆزی (نیوتن) ((تیشکی سپی بۆیە سپییە،رێژەی رەنگەکانی شەبەنگی وەکو خۆیتێدایە،تەنی سپیش بۆیە سپییە ،رووی دەرەوەی تەنەکە هەموو شەپۆلە کەهروموگناتیسەکان بە یەك ئەندازە هەڵدەگێرێتەوە ، ئەگەر تەنیکیش تێکرای شەپۆلە کەهرۆموگناتیسییەکان ناو تیشك هەڵمژێت نەك هەڵیگێرێتەوە ئەوا رەنگی ئەو تەنە رەش دەردەکەوێت)) (١٥)٠**

**ئەمانەی سەرەوە رەنگە سەرەکییەکانی شەبەنگە ، کە لە سەر بنەمای چریسکە وبەها و تیری " اللمعە والقیمە والتشبع" دابەش کراوەو هەر لەم رووەوە حەوت قۆناخ لە سیستمی رەنگەکاندا هەیە٠**

**لە بواری رێزبەندکردنی رەنگەکان لە رووی شەبەنگەوە دەتوانرێت پشت بەم یاسایە ببەسترێت**

**رەش    سوور  سەوز   شین    قاوەیی    ئەرخەوانی**

> > > > >

**سپی    زەرد    پەمەیی**

**پورتەقالی**

**خۆڵەمیشی**

**هێمایەی سەرەوە واتا < هەر واژەیەك لە زماندا بە لای چەپدا هەبێت ئەوا سەرجەم واژەکانی بە لای راستدا لە زماندا دەبێت،گەر سەوز هەبێت واتا سووریش هەیەو قاوەیی هەبێت واتا شینیش هەیە،لە راستیدا رەنگەکانی رەش و سپی لە سەرجەم زمانانددا هەیە ٠**

**<u>تەوەری شەشەم :واتای هەردوو رەنگی رەش و سپی:</u>**

**هەردوو رەنگی رەش و سپی بە شای رەنگەکان دەژمێردرێت و رەنگی سەرەکین ، چونکە بە پێی یاسای زانستی وسیستمی فیزیکی، کە ئەمەش کاری ئەم باسە نییە وای لە قەڵەم دەدەن ،کە زۆربەی رەنگەکان سەرچاوەیان لەو دوو رەنگەوە وەرگرتەوە و چەخت لە سەر ئەوە دەکرێت کە هەر رەنگێ بەلای رەنگێ تۆخەوە بڕوات ئەوا سەرچاوەکەی رەنگی رەشە و هەررەنگێ روو لە کاڵی بکات ،ئەوا**

**سەرچاوەکەی ڕەنگیٚ سپێیە وئەوەش دوپات دەکرێتەوە کە ڕەنگەکان سەرچاوەیان لە شەبەنگەوە وەرگرتەوە٠ واتا هەردوو ڕەنگیٚ ڕەش و سپی دوو ڕەنگی سەرەکی سیستمی ڕەنگەکان**

**ڕەنگ لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دی لە لای میللەتێك بۆ میللەتێکی تر دەگۆڕێت ،ڕەنگی سپی لای میللەتی وەك ئەسکیمۆ جیاوازە لە لای خۆمان ،چونکی سروشت و ژینگەی ئەو میللەتە جۆدایە لە لای خۆمان بۆیە واتای ڕەنگی سپی کۆمەڵێك واتا لە خۆ دەگرێت،دوانزە مانگەی ساڵ هەر بەفرو سەرماو سۆڵەو بەستەڵەکە،بۆیە ڕەنگی سپی بەشێکی سەرەکی ژیانە وبەشێکە لە دابو نەرێتی ڕۆژانەی ژیانە،دەروانین لەناو ئەومیللەتە زیاتر لە دە ناوی بۆ دانراوە،بۆ سپی کاڵ وتۆخ وبەفر لە کاتی بارین ئەو ڕەنگە سپییە ناوێکی هەیە وکاتێك دەبیەستی ناوێکی تر بۆئەو ڕەنگە سپییە هەیە بەم جۆرە،بەلاّم لای خومان لە چەند ناوی زیاتری نییە وەك سپی و چەرمی و٠٠٠٠**

**هەر بۆ ڕەنگی سپی لای خۆمان واتای خۆشی و شادی وئاسۆدە و ئارامی دەبەخشێت ،کەچی لە چەند ناوچەیەك تر واتای ناخۆشی وپرسە دەگەیەنێت، بە تایبەتی لای هەندێك میللەتانی خوارووی ڕۆژهەلاّتی ئاسیادا٠**

**ڕەنگی ڕەش لە زۆر بوارو زۆر وشەی لێکدراو وهەندێك مانا و دەلالەتی هەیە( ڕوو ڕەش )،( دڵی ڕەشە ) ڤینی لە دڵە، شت لە ناو دڵی دەهێڵێتەوە،( هەناوی ڕەشە،ناوسکی ڕەشە )کەسێکی دڵ پڕ لە کینەو خرا پەیە، ( چنگی ڕەشە ) واتا دڕندەیە، ( ناوچەوانی ڕەشە )،( بەختی ڕەشە،ڕۆژی ڕەش،ڕەش بین واتا نائۆمید وبیٚ هیوا، ڕەشبگێر واتا گرتنی گەورە و بچووك و تاوانبار وسڤیل،ڕەش پۆش،ڕەشیکردەوە بە دوو واتا دێت واتای یەکەم پڕ کردنەوە و واتای دووەم سڕینەوە،نووك لووت ڕەشکردن واتا خۆ پەندکردن، ئابڕۆبردن،ڕەش و سپی جیاناکاتەوە،٠٠٠٠ ڕەش و سپی دەردەکەوێت،تووشی گونە ڕەشی خۆی بووە، ڕەش هەڵگەڕا، ئەمەش دوو واتای هەیە ، یەکەمیان کاتێك یەکێك نەخۆش دەکەوێت و ڕەنگی تێك دەچێت ، دووەمیان یەکێك لە کارو کاسبی زۆر ماندوو ببێت و پی ڕانەگا ، ڤورە ڕەشی دەرهێنا واتا فەوتانی یان هەموو شتێك ئاگادارە ،کۆکە ڕەشە واتا هێرشە کۆکە کۆکەیەکی زۆر توند، ڕەشە با واتا بایەکی توند،ڕەشە میٚ مانگی شوبات ) لە هەندێك بەشە دیالیکتی زمانی کوردی سیاه لە بڕی ڕەش بەکار دێت ،ڕەشاو بۆ جنێو و ڕەنجاندنی کەسێکی بەرانبەر ،ڕەشیاو واتا ڕەنگی ڕەش+ ئاو = ڕەشیاو واتا ئەو ڕەنگە ڕەشەیە لە گەڵ ئاو ئاوێتە دەبێت ، بە وێنە کلی چاوی ژنان کە کە لە گەڵ ئارەقی نێو چاو ورووەمەت تێکەلاّو دەبێت ئەو ڕەشیاوە دروست دەبێت،ڕوو ڕەش بۆ پیاوی درۆزن، ڕەش پێست واتا ڕەگەزی ڕەش ،بازاری ڕەش یا بازاری نایاسایی ،کار و ئیشی ڕەش واتا کاری ڤاچاخ و ناشەرعی ، دەستێکی ڕەش واتا تیرۆریست٠ پێموایەئەمەش کارتێکردنی زمانی فارسی بە سەر زمانی کوردی و وشەکانی سیاو سێبەرو سەیوان هەر لەم ڕەنگەوە هاتووە یان لە کوردی دەڵێت ڤیرو سیاە لە**

هەندێك حاڵەت ناوی رەنگ رەش لە گەڵ وشەی (كاك) ی كوردی لێك دەدرێت و ناوێكی لێكدراو رۆنان دەبیت بە وێنە كاك +رەش = كاكە رەش٠٠٠

بۆ رەنگی سپی بە هەمان تەرز و ریچكە لە زۆر بوار بەكاردێت وەكوو:ئاڵای سپی بۆ ئاشتی و دڵ پاكی ،دەست و پێی سپی هێچ نازانێت،چاو سپی بوون واتا مردن ،روو سپی بوون واتا سەربەرزی،بەختی سپی ، پرچی سپی هۆنییەوە واتا چوونە ناو ساڵەوە،فیری كەوای سپییە واتا لێت نابێتەوە، ردێن سپی یان ریش سپی ، پۆپ سپی واتا مرۆڤی بە تەمەن ،سەری لە بەر خۆر سپی نەكردووە ،رۆحی سپییە واتا رۆحی پاكەو مرۆڤی پاكە ،دەست و دڵی سپییە واتا دەستپاكە،دەم سپی واتا نەزان و نەفام ،سپیاتی چاوی دەری ، سپێدە،سپی هەڵگەرا،سپێدەی دا واتا رووناكی دەركەوت،نالی دەڵێ ((لە دوگمەی سێنە دوێنی نوێژی شێوان ٠٠٠٠بەیانی دا سپێدەی باخی سێوان)) (١٥)٠

زمانی سپی بووە ،ماش و برنج بۆقژ بەكاردێت ئاماژەیە كە رەش وسپییە،سپییایەتی واتا سپێنەی هێلكە یان سپیاو كە لە سپی+ ئاو= سپیاو ئەو مكیاژە رەنگ سپیبەی ئافرەتان لە روومەتی خۆیانی دەدەن ٠

تەوەری حەوتەم: واتای رەنگەكان ودەلالەتەكانی :

رەنگی سوور

سوور نیشانەی ترسناكی وسامناكییە،نیشانەی خۆشیشە(سووركردن :ژن هێنان) لە بواری هاتۆچۆدا رەنگی سوور لە"ترافیك لایت" دا واتا وەستان ونەرۆیشتن، هەڵكردنی ئاڵای سوور لە كاروباری سوپاو سەربازی واتای شەر و جەنگ وباری ئامادە، رەنگی سووری تەلی كارەبا واتا هێڵی گەرم و ترسناكی ،تەلی كارەا لە دوو رەنگ پێكهاتووە رەنگی شین كە مانای هێڵی ساردی كارەبا و تەلی سوور مانای هێڵە گەرمەكە و ئاماژەیە بۆ ترسی وخەتەرناكی ئەو تەلە،جلوبەرگی پیاوانی ئاگر كوژێنەوە گوزارشت لەوە دەكات كە كارەكانیان جێی مەترسی و خەتەرناكە تەنانەت نزیك بوونەوە لەوانە جێی مەترسییە و بواری كارەكەیان پڕ لە مەترسی وترسناكییە ،تەنانەت رەنگی ماشین و ئۆتۆمبیلەكانی ئاگر كوژێنەوە سوورە بۆ هەمان واتا ومەبەست،بۆری ئاوی ماڵان دوو رەنگە یان دوو هێمای هەیە ،یەكێكیان سوورە ،واتا ئەوەیان بۆ ئاوی گەرمە وشینەكە بۆ ئاوی ساردە ،ئاوی گەرم ترسناكە و پڕ مەترسییەو بۆ یەكێك زۆر ئاگادار نەبێت دەبێتە هۆی بەرپابوونی كارەسات و مەینەتی٠

بە پێی بۆچوونەكان و لێكۆڵینەوەكانی"بیرلین و كەی"((وشەی سوور یەكەم وشەی رەنگە ،ئەمەش بە هۆی رێزبوون و بەرزی پلەی ئەنگسترۆمی رەنگەكەیە لە شەبەنگدا)) (١٦)،لای زۆربەی ولاتانی جیهان واتای شۆرش دەگەیەنێت،نیشانەی قوربانیانی شۆرشی نەتەوەكانی جیهانە ،لای خۆمانیش

نيشانەی بەرخوردانە ) (٢)،چونكە قوربانيدان و خۆبەخت كرد ریگای خوێن رشتن دەبێت و رەنگی خوێن سوورە بۆیە رەنگی قوربانی وتێكۆشان و خوێن سوورە٠
سوور واتای ترسناكیشی دەگەیەنێت ،زۆر جار لە نێو رووبار و گۆم و زلكاوەكاندا ئاسنێكی ستوونی دادەكوتریت ،ئەمەش نیشانەی ئەوەی كە گەرئاستی ئاو گەیشتە هێلی سووری سەر ئاسنەكە ئەوە واتای ئەوەیە پەرینەوە لەو ئاوە جێی ترسناكە و مەترسییە یان مەلەكردن مایەی مەترسی ولەوانەشە مەرگی لێ بكەوێتەوە٠
(شوێنی بوونی مین ولوغم ، ئالای سوور لە دەوروبەری هەڵدەكریت ،ئاماژەیە بۆترسناكی ناوچەكە و چوونە ئەو شوێنانە دەبێتە هۆی لەناچوون ومەرگ،كە مەبەست رەنگی سوور رەنگی خوێنە)٠
هەروەها لە ستۆدیەكانی رادیۆ وتەلەفزیۆن لە سەر بۆردی كامێراكان و لە سەر ژووری ستۆدیۆكان گلۆپی سوور لە كاتی تۆماركردن و كاتی پەخشی هەواڵەكان دادەگیرسێت واتای ئەوەیە، كە چوونە ژوورەوە قەدەخەیە چونكە شێراز و بیركردنەوە و لێدوانەكان تێك دەچێت،هەمان تەرز لە سەر ژووری كۆبوونەوە وسیمینار و هۆلی نەشتەرگەری گلۆپی سوور هەڵدەكریت ،ئاماژەیە بۆ ئەوەی چوونە ژوورەوە قەدەخەیە گوڵی سووریش لە بواری خۆشەویستی واتای خۆبەخت كردن و ئەو پەری دڵسۆزی و وەفادارییە، رەنگی ئاگری دۆزەخ زۆر سوورە هێما بۆ سزادانی كوشندەی ئەوانەی سەرپێچی بیروباوەری ئایین دەكەن،هەندێ جار بە واتای بیرو بۆچوونی سیاسی دێت وەك رەنگی سووری پارتە چەپ رەوەكان وحزبی شیوعی وكۆمۆنیستەكانی، لە بواری جیادا، بۆ پێشوازی و رێزلێنان بەكاردێت وەك راخستنی مافوور وخالی سوور بۆ بەخێرهێنانی میوانە رەسمی و فەرمییەكان ،نیشانەیە بۆ ئەوپەری رێزگرتن و بەخێرهێنان،لە ولاتی فلپین رێكخراوی (الخمیر الحمر- پەتك بەسەرە سوورەكان) هەیە ، كە رێكخراوێكی توندرەوی سەربازییە و دژی حكومەتی ئەو وڵاتە دەجەنگێن، ئەو پەتك بەسەرە سوورانە، پەتی سوور بە ناوچەوانیان وەك لەچكی ژنانی لایخۆمان دەبەستن،ئامادەنلە پێناو بیرۆباوەریان گیانی خۆیان لە دەست بدەن وئەمەش ئاماژەیە بۆ قوربانی وخەبات،زۆر جار لە بواری دەروونی وسیكسی رەنگی سوور ورێژەنەرە و دەبێتە هۆی وروژاندی هستەكانی مرۆڤ ،لە یانە و تیاترۆخانەكان بە هەمان شێوەو رێچكەكار بەكار دەهێنرێت ٠
لە كوردەواری خۆماندا رەنگی سوور بە تایبەتی لە جلوبەرگدا لە ئاهەنگ و زەماوەندو گەشت و سەیران ئافرەت و ژنان لە بەری دەكەن ، ئاماژە بۆ خوشی وشادی وكامەرانی و زۆر دەگمەنیشە ئەو جلوبەرگە سوورانە لە پرسە وبۆنە كۆمەلایەتی و سەر قەبران لە بەر بكرێت و سوور واتا سەربەرزی و سەربلندی ، چاوی سوور بووە واتا شەر لە چاوی دەبارێت، سوور كردنەوە واتا لێنانی خواردن بە روون یان هەڵقرچاندنی، سوور هەڵگەران واتا شەرم كردن، دەستی بە خوێن سوورە واتا تاوانبارو

**پیاوکوژە،سوورە شیوعییە و چەپ ڕەوە،سوور داگیرساوە، پەرۆ سوورکردن گوزارشت لە شەوی بوکینەو پەڕۆی سوور، سوورو سپی واتا ڕەنگی جوان٠**

**ڕەنگی زەرد:**

**ئالای زەرد (هێماو دروشمی حیزبێکی کوردستانییە، پارتی دیموکرتی کوردستان)،زەرد کردن، واتا کوڵاندنی هەندێ لە بەرۆبومی سەوزە وەك لوبیا ،زەردبوون واتا پیگەیشتن(شەمامەکە زەرد بووە) واتا پیگەیشتووە و لەو کاتەدا ڕەنگێ روو لە زەردێ دەکات، بوتە زەعفەرانی زەرد واتا خوێن لە دەم و چاوی نەماوە( یەکسەر ڕەنگێ بووە بە زەعفەرانی زەرد، رووی زەردی دونیا ، رووت زەرد نەبێت ، بۆشەرمەزاری ، زەردۆیی چاو ( جۆرە نەخۆشییەکە تووشی منداڵانی ساوا دەبێت و ڕەنگی چاویان زەرد هەڵدەگەڕێت و پاش ماوەیەك روو لە چاك بوون دەکات، زەردەکردن( چاوت لە چیایە لە وەڵامدا دەڵێت زەردەیەك دەکا و ناکات واتا تروسکە کردن)، زەردو سوور مانای ڕەنگاو ڕەنگ ، زەرد هەڵگەرا (بۆ شەرم و ترس و خۆشیش بەکاردێت، کفن زەرد بوون)، ئاماژەیە بۆ تێپەربوونی چل ڕۆژ بە سەر کۆچی دوایی ، هێشتا کفنەکەی زەرد نەبووە واتا چلەی تێنە پەڕیوە،زەردکردنواتا کوڵاندنی لوبیاو سەوزەوات٠**

**زەرد نیشانەی خۆر و وەرزی گەڵارێزانە ، لە ترافیك لایت سیستمی هاتوچۆکردن ڕەنگی زەرد بەکاردەهێنرێت واتا خۆ ئامادەکردن ،(لای چینییەکان ڕەنگێکی پیرۆزە، هەروەها لە شارستانییەتی مەسیحییە کۆنەکانی ڕۆژئاوا بە ڕەنگێکی پیرۆز ناسراوە و بۆیە کلێسەکان بەڕەنگی زەرد بۆیە دەکرێت و لەبۆچوونی هونەرمەندان بە ڕەنگێکی بێلایەن و ئارام بەخش ناودەبرێت و لە وڵاتی میسریش هێمای هەتاوو رووناکییەو لە لای موسڵمانەکانیش ڕەنگی زەرد پیرۆزە بۆیە زۆر جار قورئانی پیرۆز بە ئاوی زێر کە زەردە یان بە ڕەنگی زەرد دەنووسرێت )، زێرپیشکانێکی گران بەهایەو لە ئاستی شایستەی قورئانی پیرۆزە، کەشیدەی حاجیانی ماڵی خوا ڕەنگی زەردە هەر بە مەبەستی پیرۆزییە ٠**

**ڕەنگی شین:ڕەنگی دەریا و ئاسمان و ئاو ڕەنگی شینە واتای ڕەنگی خۆشی وژیان و پاکی دێت،جاری واش ڕەنگی شین بۆناخۆشیشی دێت چونکە ئاسمان کە روو لە ئاوابوون دەکات شینەکەی تۆخ دەبێت و تاریکی دادێت و زۆر جار لە پرسە و ناخۆشی ژنان جلوبەرگی شین دەپۆشن و زۆر جاریش بۆپرسە و مردن شین وشە پۆر دەکەن و پێی دەڵێن شێوەن هەر لەو ڕەنگەوە هاتووە،بە پێچەوانەوە چینییەکان لە کاتی خۆشی و ئاهەنگەکاندا ڕەنگی شین دەپۆشن وبۆ ڕەنگی ئارامی وئاسوودەو ڕێزلێنانیش دێت ،بۆیە لە نووسین مەرەکەبی ڕەنگی شین بەکاردەهێنرێت واتا بۆ ڕێزلێنان تەنانەت لە بڕوانامەی یەکەمەکان دەبێت کاغەزەکەی ڕەنگەکەی شین بێت ، ئەم ناوەش لە گەڵ ناوی کوردی، ناوی لێکدراو ڕۆنان دەکات ، وەك کاکە شین ،لە هەندێك ناوچەی سۆران بە سەوزایی دەڵێن شینایەتی وەك**

دەغڵەكە شین بووە واتـا سەوز بووە ،شین رۆرۆكردن،شینە دەمارێكی هەیە واتـا شا دەمار یان حەزو ئارەزووی زۆر هەیە،كەپرە شینەی جولەكە واتـا باران بارینی هاوێن، هەروەها جەژنێكی جولەكە،شین هەڵگەڕا، شین ومۆر هەڵگەڕاوە واتـا تێكچووە، قوتوی شین واتـا جوان وسەرمۆر،ڕەنگی شین لە گەڵ ناوی كاك ناوێكی لێكدراوی كەسیی كوردی رۆنان دەبێت :ناوی كاك +ئینتەرفیكسی + ڕەنگی شین = كاكە شین •

<u>ڕەنگی سەوز:</u>

سەوز زۆر واتـاو مانا لە خۆدەگرێت و زۆربەی میللەت و نەتەوەكان كۆكن لەسەر ئەوەی ڕەنگی سەوز ڕەنگیسروشت و بوژاندنەوەی ژیان و تازەكردنەوە و ژیانی خۆشیيە چونكە وەرزی بەهار وەرزی سەوزی و بوژاندنەوەیە لە گەڵ یەكەم ڕۆژی بەهار سروشت جلوبەرگێكی سەوز دەپۆشی بۆیە سەوزی بەهار وخۆشی یەكیان گرتۆتەوە و هەموو نەتەوە و چین و میللەتێك بە شێوازی تایبەتی خۆی ئاهەنگ دەگێرێت و زەماوەندو شادی خۆی لەم وەرزەدا دەردەبرێت، هەر یەكێ بە شێوازو تەرزی خۆی ،لای خۆمانیش یەكەم ڕۆژی بەهار ڕۆژی نەورۆزە و ڕۆژی شادی و جەژنەو یەكەم ڕۆژی ساڵی كوردییە،بۆیە ڕەنگی سەوز ئەو كۆمەڵە واتـاو دەلالەتانە لە خۆ دەگرێت ،لە بەهاریشدا ڕەنگی گەڵای درەخت سەوز دەنوێنن و دەشت ودەر سەوز نیشان دەدەن و سەوزیش ڕەنگی ڕۆیشتن و بزواتنە لە سیستمی ترافیك لایتدا وڕەنگی جلو بەرگی كارمەندانی بواری تەندروستی و نەشتەرگەرییە چونكە ئەو ڕەنگە جگە لەوەی باسمان كرد ئارامی و ئاسودەیی بەو كەسانە دەبەخشێت كە پیویستییان بەو جۆرە ئارامییە ،ڕەنگی سەوز پیروزە وزۆر ئارم و دروشم ڕەنگی سەوز یان چلە دارێكی زەیتوونی پێوەیە و ئایینی ئیسلامیش لە زۆر بۆنە و مەراسیمدا ڕەنگی سەوز بەرزدەكرێتەوە بۆپیروزی ڕەنگەكە كە ڕەگەكەی بۆ سەردەمی پێغەمبەر نووح و ئەو كوترەی چلە درەختێكی زەیتوونی بۆهێنا ،لە قورئانی پیرۆزیش لە زۆر ئایەت باسی سەوزی كردووە وەك ((ویلبسون ثیابا" خضر)) یان ((وسبع سنبلات خضر))(١٧)•

هەروەها ئالای سەوز ئارمی حیزب و زۆر ریكخراو وەك یەكێتی نیشتمانی كوردستان و دەستی سەوز واتـاخاكی پیت و بەرەكەت ،سنووقی سەوز واتـا گۆرستان ،حەبە سەوزەكەی قووت داوە واتـا بووەتە حیزبی وسەر بە پارتیكە ،سەوز هەڵگەڕاوە واتـا نەخۆشەكە ڕەنگی تێك چووە ،بە سەوزی خواردی واتـا بە بێ ئەوەی پێ بگات خواردی ، فلس لە گیرفانیدا سەوزە خانم دەڵێت ئاماژە بۆ نەبوونی و بێ دەرامەتی و هەژاری ،شاڵی سەوزی بەستووە ئاماژە بۆ كەشیدەی سەوزی حاجییانی ماڵی خوا ،لە زمانی كوردی وشەی سەوز یان سەوزە زۆر دەلالەت لە خۆ دەگرێت سەوزە وەك ناوی كچانی كورد وسەوزە واتـا سەوزەی خواردن و سەوزە پاش ئەوەی هێز دەخرێتە سەر بەشێكی وشەكە واتـا درەختەكە شینە واتـا رواوە•

**رەنگی مۆر:**

**رەنگی مۆر یەكێكە لە رەنگە سەرەكییەكانی شەبەنگ و رەنگی مۆر واتای ئارامی وئاسۆدە دەگەیەنێت و لە لای هەندی میللەت گوزارشت لە رەشبینی و ناخۆش دەكات ،سەر مۆر واتا بەكارنەهاتوو،مۆر هەلگەرا یان شین و مۆر هەلگەرا واتا رەنگی گۆراوە،دەرگای مۆر كراوە واتا داخراوە ،كراسی مۆری لەبەرە واتا بۆ خۆشی و رەنگاو رەنگ ٠**

**تەوەری هەشتەم: سیستمی رەنگ لە كاروباری ژیان و كۆمەلایەتی :**

**تاكەكانی كۆمەلگا هەر یەكێك دیدو بۆچوونی تایبەتیخۆی بەرانبەر رەنگ هەیە وهەر تاكێكی كۆمەل به شێواز و ئاراستەیەك تەماشای رەنگ دەكات ە شێكردنەوە و لۆجێكی تایبەتی خۆی هەیە ولە یەكیك بۆیەكێكی تر دەگۆرێت ، ئەمەش لە كەسێكەوە بۆكەسێكی تر جوداو جیاوازە و باری كەسایەتی و لایەنی دەرونی وسایكۆلۆژی و ژینگە رۆلی بەرچاوو كارێگەریان لەم بوارەدا هەیە٠**

**هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەلبژاردنی رەنگ و ئارەزوو وحەزی مرۆڤ بەرانبەر جۆرە رەنگێك كەسایەتی ئەو مرۆڤە دەردەخات و لایەنی دەروونی ودیدی بەرانبەر ژیان نیشان دەدات ،تەنانەت هەلبژاردنی رەنگی تایبەتی بۆجلوبەرگ و بۆیەی ناو مالْ و جۆری رەنگی ماشین و تەنانەت لە خواردنیشدا رەنگ دەوری خۆی هەیە وەك لە مۆتا وئایس كریو وكیك و رەنگی كریم و كاستەرو زۆری تر٠**

**هەلبژاردنی رەنگ كار لە كەسایەتی مرۆڤ دەكات و لە هەمان كاتدا كەسایەتی نیشان دەدات ،بۆنموونە رەنگی سوور وزە زیاد بەخشە ، سەوز لایەنی سۆز زیاد دەكات و دەیجولینی و رەنگی سەوزلە نەخۆشخانە لایەنی سۆز دەجولینی و خۆشەویستی و هەست بە ئارامی دەكریْ و بایەخدان بە ریكخستنی رەنگ جوانی و زەوقی مرۆڤ دەردەخات ٠**

**((رەنگ بە گوێرەی تەمەن رۆلی بەرچاوی هەیە ، چەند تەمەن درێژبێت ، رەنگی سەوززمۆر لایەنی میزاج و زەوق بەدی دەهینێت و ئەوەی خۆلقییان بەرانبەر رەنگ هەبێت تەمەنیان لە كەسانی ئاسایی درێژترە ، هەر شەێن و جێگایەك رەنگی خۆی هەیە لە میللەتی بۆ میللەتی تر جودایە و لە سەردەمێك بۆ سەردەمێكی تر جیاوازە وبۆ سەیران وزەماوەند رەنگی زەردو سوور بۆ پرسە و ناخۆشی رەنگی روش و شین ،بۆشوێنی تایبەتی و كۆرو كۆبۆنەوە رەنگی فەرمی و تایبەتی،جلوبەرگی رەنگاورەنگ بۆ دلخۆشی وشادی وئەمەش شتێكی موتلەق نییە ،دەروونناسەكان لە رێگای هەلبژاردنی رەنگەكانەوە كەسایەتی تاكەكان دەزانن، تەماشاكردنی رەنگی جلوبەرگ و لە رێگای رەنگەوە پارسەنگی كەسێتی دەكەین كە چۆنە شێرزەیە یان ئارامە ، دلخۆشە یان رەشبینە)) ( ) كوردسات ، دیمانە بەرنامەی وەنەوشە، هەینی ٢٠١١/١١/١٩ كاتژمێر ٩ی شەو دیمانی لەگەلْ م٠تەها پسپوری دەرو**

## پەراوێزەکـــــــــــــان

١- مستەفا زەنگەنە،ڕەنگ لە زمانی کوردیدا،هەولێر،٢٠٠٢، ل ٠١٧
٢- ديسۆسير، علم اللغه العام،بغداد،١٩٨٩، ص ٠٨٢
٣- سەرچاوەی پێشوو، ص ٠٨٣
٤- توفيق عزيز عبدالله البزاز،علم اللغه المعاصر،الاردن ،٢٠٠٩، ص ١٢٣٠
٥- ديسۆسير، علم اللغه العام ، سەرچاوەی پێشووتر، ص ٨١٠
٦-سەرچاوەی پێشووتر، ص ٨١-٠٨٢
٧- = = ص ٨٦٠
٩- ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا ، ١٩٧٧،ل ٤١
١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠٠
١١- = = ل ٩٣
١٢- مستەفا زەنگەنە، ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، هەولێر،٢٠٠٢،ل ٥٣٠
١٣- سەرچاوەی پێشوو، ل
١٤- محمدی مەلا کەریم ، دیوانی نالی ، بەغدا ، ١٩٧٨، ل
١٥- ديسۆسێر، علم اللغه العام، بغداد، ١٩٨٥، ص
١٦- ڕەنگ لەزمانی کوردیدا،مستەفا زەنگەنە،سەرچاوەی پێشووتر ، ل ١٩
١٧- توفيق عزيز البزاز ، علم اللغه المعاصر، الاردن، ٢٠٠٩، ص ١٨٣
١٨ – کوردسات تیڤی،بەرنامەی وەنەوشە،٩ ی شەوی هەینی ٢٠١١/١١/١٩

## سەرچاوەکان


١-ئەورەحمانی حاجی مارف،بەرهەمە زمانەوانییەکانم ،بەرگی دووەم،سلێمانی ،٢٠٠٤
٢- = = = ،ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم ،ناو،بەغداد،١٩٧٩
٣- = = = = ، = = ،ئاوەڵکارو ژمارە ، بەغداد، ١٩٩٨
٤- = = = ،وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا ،بەغداد ، ١٩٧٧
٥- = = = ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی سێیەم ،بەغداد، ١٩٨٧
٦- د٠ أحمد مختار عمر ، اللغه واللون ،ئینتەرنێت ،منتديات اللغه،١٠٠٩/١/٢٦،شبكه الالوكه،المجلس العلمى ،٢٠١٠١٠/٥/١٠
٧- پەروین عوسمان مستەفا عەللاف،واتا و وەرگێڕان ،هەولێر،٢٠٠٩
٨- تالیب حوسێن عەلی ، واتاسازی، چاپی یەکەم ،هەولێر ،٢٠١١
٩- رشيدعبدالرحمن العبيدى ، مباحس فى علم اللغه واللسانيات،بغداد،٢٠٠٢
١٠- کلۆد ریجمان، واتاسازی ، وەرگێڕان ، د٠ یوسف شریف ،هەولێر ،٢٠٠٦
١١- على الشوك ، جوله فى أقاليم اللغه، القاهره، ٢٠٠١

١٢- عبد الغفارهلال ،علم اللغه ،القاهره ،٢٠٠٢
١٣- فرديناند دى سۆسۆر ،علم اللغه العام ،بغداد ، ١٩٨٥
١٤- مستەفا زەنگەنە ،رەنگ لە زمانى كورديدا، هەولێر،٢٠٠٢
١٥- محمد معروف فەتتاح ،چەند لايەنێكى مۆرفۆلۆژى كوردى ،سلێمانى ،٢٠٠٦
١٦- = = = ، زمانەوانى،هەولێر، ٢٠١١
١٧- محمد مەحوى ، زانستى هێما ، سلێمانى ،٢٠٠٩
١٨- مقدمه فى اللغويات المعاصره ، مجموعه من المؤلفين الاردنيين ، الاردن ، ٢٠٠٦
١٩- نەريمان عەبدولا خۆشناو ، رستەسازى، هەولێر، ٢٠١١
٢٠- نعوم چومسكى ، اللغه والعقل ، مترجم ، بغداد ، ٢٠٠٥
٢١- وريا عومەر ئەمين ، پيتۆكەكانى زمانەوانى ،هەولێر ، ٢٠١١
٢٢- = = = ،چەند ئاسۆيەكى ترى زمانەوانى، هەولێر ، ٢٠٠٤
٢٣- ليلى ئال حماد ، المجاز والحقول الدلاليه ، السعوديه ، ١٤٢٧ هجريه

***ملخص البحث***

يتناول هذا البحث أنظمة الألوان ومعانيها ودلالاتها في اللغة الكوردية ، حيث يسلط الضوءعلى تأريخ تسمية الألوان منذ زمن اليونانيون القدامى وحتى وقتنا الحاضر والتأكيد على مفهوم اللون في مجال الفيزياء والعلوم الصرفة وكذلك مفهوم الألوان في مجال الأيتمولوجيا وعلم الدلالة في اللغة الكوردية وكذلك تم التطرق الى مفهوم الألوان في مجال الصرف والتغييرات التي تحصل عليها ، ثم تم تناول موضوع دلالة الألوان الرئيسية في اللغة وفي الحياة العامة ونضرة الشعوب أمام كل لون ، ثم تم التعرج على مفهوم اللون في الحياة الأجتماعية والتراث الشعبي وفي نهاية البحث تم ادراج الهوامش والمصادرالمهمة والله الموفق...

***Abstract***

This research is en tittle "The system and meaning of colours" sheds ligh on the history and names of colours from the time of ancient Greek untilnowadays. It asserts the concept of colours in physics`Etymology`and semanticsin KurD language .

It also deals wish the meaning and concept of colours morphologically
It tackles the meaning of basic colours in language
daily`life and people`s out look on each colour and its coucept in social life and heritage.
It ends withfootuotes and references.